## چاوپێکەوتنی گۆڤاری گەنج لەگەڵ هونەرمەند خالید ڕەشید ... دیداری: ستیڤان شەمزینی

**خالید ڕەشید**

**کورد خاوەنی هونەرێکی گەورەیە بەڵام بەداخەوە هونەرمەندی نییە**




(خالید ڕەشید) ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی هونەری کوردییە.. ئەو هونەرو دۆزی گەلەکەی گرێداوە و بەگەروویەکی پڕ لەهەنسک و ئازاری نیشتمانەوە گۆرانییەک بەتام و بونی کوردی ئەوپەڕی ڕەسەنایەتییەوە دەچڕێ، (خالید ڕەشید) لەو هونەرمەندانەیە کەمۆرک و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لەوڵاتانی تردا پێیان دەوترێ سەروەتی نەتەوەیی، لەهەگبەیەکدا زۆر بینین و ڕوانگەی نوێ هەیە لەمەڕ هونەر، ئێمە بەخێرایی دواندمان و ئەویش بەمجۆرە هاتە گۆ:

- ئەمڕۆ باسی قەیرانی هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی بابەتێکی گرنگ جێی مشتومڕی هونەرمەندانە، بەڕای ئێوە ئایا هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی لەقەیراندایە، خۆ ئەگەر لەقەیراندایە فاکتۆرەکانی چین، دەتوانین ئەو قەیرانە تێ پەڕێنین.. ؟

* ئەمڕۆ جیهانگیری گەلێک قەیرانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، هەموو جیهان ئەمڕۆ تاڕادەیەک لەسەرەتاوە دەست پێدەکەنەوە، جیهانگیری (گلوبالیزەیشن) لەگەڵ خۆیدا ئەرکێکی زۆر و هەواڵ و بابەت گەلێکی زۆری هێناوە کەزۆربەی ئەندامانی خێزانی ئەم جیهانە زۆر بەپەلەیە تووشی ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەک بووە کەپێشتر شتی وای بەسەر نەهاتووە، ئەم لێشاوی نزیک بوونەوەیە لەجیهاندا کەلەهەمان کاتدا دووەرکەوتنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ و دابڕانیان لەیەکتری خۆی لەوەدا بەرجەستە دەکات کەهەر ئەندامێکی ئەم خێزانە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی دانیشتووە، هەموو دەزگاو کارگەو ئیدارەکانی جیهان و کارمەندان هەر لەم ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی گۆشە گیرانەو فەردی خەریکی بینینی جیهانن، لەم پەنجەرە بچووکەوە خەریکی پەیوەندین لەگەڵ جیهاندا، کەئەم دابڕانە غوربەتێکی ئەبەدی دروست کردووە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی لە ئەمریکاو ڕۆژئاوا کەڕەنگە گەورەترین زەکاتی ڕۆحی بێت نرخی ئەم دابڕانە، جاران خەڵکی یاخود خێزان بەکۆمەڵ دادەنیشتن سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد، یاخود کاری هەرەوزی بەشێک بوو لەژیانی مرۆڤایەتی چ لەکوردستان چ لەجیهاندا بەڵام ئەمڕۆ جۆرە دورکەوتنەوەیەکی گشتی دروست بووە هەرکەسەو لەبەردەمی سندوقێکدا دانیشتووەو خەریکی سەیر کردنی جیهانە، ئەمەش تاڕادەیەک گرفتێکی زۆری ڕۆحی و فیزیکی بۆ مرۆڤایەتی و مرۆڤ دروست کردووە کە ئەوەش جۆرێکە لە شەڕکردن لەدژی سروشتی خۆمان کەئێمە یاخود مرۆڤ بەگشتی سروشتێکە پێویستی بەیەک هەیە و تێکەڵاو بوون و دانوساندنمان هەر لەسەردەمی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە (هۆمۆ ساپیانز) نیئاندەرتاڵ هەبووە، هەمیشە لەجیناتماندا کائینێکی کۆمەڵایەتی بوین و بەیەکەوە بوون هێزی ڕۆحی پێ بەخشیوین، ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە کە قەیرانی هونەری گۆرانییە ئەم حاڵەتەش دوور نییە لەوەی کەباسمکرد چونکە ئەمڕۆ گۆرانی مۆزیکی جیهانیش کەوتونەتە بەر هێرشی جیهانگیریی.. جاران بەبێ خواستی خۆمان دوژمنانی سەرسەختی کورد خاکی کوردستان خەریکی سڕینەوەی ناسنامەی هونەرمان بووە بەو مەبەستەی لە بۆتەی سنووری دروستکراوی ئەواندا بتوێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەدەستی خۆمان بێ هیچ فشارو هەڕەشەیەک خەریکین هونەری بێگانە کۆپی دەکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:

* هەندێ گۆرانی بێژی کورد بەناوی تازەگەرییەوە دەچن گۆرانی تورکی دەهێنن و هۆنراوە دادەنێن و ناوی لێناوە تازەگەریی، بەمەرجێک ئەگەر وشەکان لەم گۆرانیانە دەربهێنیت هیچ پەیوەندی بەکوردەوە نامێنێت.

* هەندێک لەبەر مەبەستی بازرگانی ئەم کارە دەکەن کەگۆرانی تورکی دەهێنن و هۆنراوەیەکی کوردی لەسەر دادەنێن و دەیفرۆشن هەروەک (زیاد ئەسعەد) کەتا ئێستا زۆربەی ئەوگەنجانەی کەخەریکن تازە دەست پێ دەکەن سەرو لەحنی داونەتێ بەپارە بەمەرجێک هەروەک وتم کەلیماتی کوردی لی دەربهێنی هیچ پەیوەندی نامێنێ بە کوردەوە.

* من دژی تازەگەری نیم، چونکە ئەمڕۆ لەمێیرو تورکیاو زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئەم قەیران هەیە بەڵام لەهیچ وڵاتێک وەک وڵاتی ئێمە گۆرانی سەرگەردان نەکراوەو بەم دەردە نەبراوە، بەڕای من ئەم تازەگەرییە دەبێت پایەگایەکی کوردی هەبێت، ڕاستە ناتوانین زۆر لەگەنجەکانمان بکەین گوێ (لەماملی و مەزهەری خالقیی و حەسەن زیرەک و سەید عەلی ئەسخەرو محمد عارف جزیری) بگرن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خۆ نابێت ڕێگەیان بۆ خۆش بکەین و گۆرانی تورکیان بەکوردی بۆ بڵێن و بیکەینە بەشێک لەبیرەوەرییەکانیان، بۆ تێ پەڕاندنی ئەم قەیرانەش دەبێت پێش هەموو شتێک بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ دروست بکرێت و ڕاو بۆ چوونەکان تاوتوێ بکرێن، ئەوکەسانەی خەریکی دوکاندارین بە گرنگترین هەستیار ترین بەشی ژیانی کۆمەڵگەی کورد کە گۆرانی و مۆزیکەکەیەتی پێیان ڕابگەیەنرێت ئەمەی دەیکەن خیانەتە ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەم کارە ئەوە مردنی شوناسمان نزیکە چونکە هونەری گۆرانی کوردی تەنیا ناسنامەیەکە کە کورد هەیبێ، جابا ئەمیشمان لی داگیر نەکەن، خاکی کوردستان سەدان ساڵە داگیر کراوە لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیوە هونەرەکەمان داگیر بکەن ئێستا بەدەستی خۆمان ماڵی گۆرانی کوردیی ئەنفال ئەکەین چونکە بەرای من ئەم ئەنفالە لەئەنفالەکانی تر زۆر ترسناکە.

**- وەک دەبینین بەرهەمی گۆرانی جیدیی و هونەری زۆر کەمترە لەچاو ئەو لێشاوە لەگۆرانی بێ پێزو کەم ئاست، ڕۆڵی (ماسمیدیا) لەم نێوەندەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت، بەڕای تۆ کەناڵەکانی میدیای بینراو ڕۆڵی نێگەتیڤیان نەبووە لە شێواندنی زەوقی وەرگری کورد بەو بەرهەمە کاڵو کرچانە.. ؟**

*ڕەنگە ئەمڕۆ ئاسانترین کار ئەوەبێت (2) سی دی تورکی لەماڵەوە دابنێت و هۆنراوەی کوردیی لەجیاتی تورکییەکەی بۆ دابنێی، ئەگەر ئەمە تازەگەری بێت ئەوە هەر لە ئێستاوە بالاوانی کورد بڕۆن یەکی تەشتێ قوڕ بگرنەوە و بیدەن بەسەری ئەو دزو کۆنە بەعسی و لۆتییە هونەرییانەی کەخەریکی تێکدانی میزاجی کوردەوارین، ڕۆڵی (ماسمیدیا) ش ڕۆڵی نێگەتیڤانەیە، ئەمانە تاوانەکە ئەنجام دەدەن (ماسمیدیاش) بۆیان بڵاو دەکاتەوە یانی ڕاگەیاندن هاوکارە لەبڵاوکردنەوەی ئەم ئەنفلۆنزایەدا، ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ سەرتاپا ژیان و ئازادی خەڵکی داگیرکردووە، مرۆڤ ئازادیی خۆی لەدەستداوە، ڕاگەیاندن پێ یان دەڵی سەیری کێ بکەن و گوێ لەکێ بگرن و چی بخۆن و بەچ شامپۆیەک سەرتان بشۆن، چ جۆرە خواردنێک بخۆن، دەنگ بۆکێ بدەن، ڕفتان لەکێ بێت، تەلەفزیۆن هەموو شەوێک میوانی ماڵە کوردەکانە جا چ میوانێک؟ کورد دەڵی میوان دووشەو خۆشە ئەمانە میوانی هەموو شەوێکن، من خۆم لەو میوانانە ڕزگارکردووەو (سەتەلایت) م نییە، چونکە نامەوێ ئازادییەکانم لی داگیر بکەن و شەوانە سەیری سەقەتی بەرپرسەکانی ڕاگەیانن بکەم، نامەوێ کاتی خۆم بەوبەرنامە گۆرانییە سەقەتانە بکوژم کە بێ هیچ خۆ ئامادەکردنێک وەک گوللەی وێل بۆت دێن بەبێ ئەوەی بزانیت ئێستا نۆرەی کێیە و کێ دێتە سەر شانۆکە، یەکسەر گۆرانیەک یان شانۆیەکی سواو، یان بەرپرسێکی سەر لێشێواوت نیشان دەدەن کە تۆ خۆت بۆ ئامادە نەکردووە، ئەم ڕاگەیاندنە تەنانەت ئەوەنە بێ بەرنامە ئێواران بەرنامەی ئەو شەوە ناخوێننەوە کەدەیانەوێ چیمان پیشان بدەن کەئەمە سەرەتایترین مافی هاوڵاتیانە لە هەموو جیهاندا کەبینەر پێش وەخت دەبێت پێی بوترێت ئەمشەو چی دەبینێت، ئەوانەی لای خۆمان تەنانەت ئەوەشیان پێ ڕێک ناخرێت ئیتر چاوەڕێی چییان لی بکرێت، لەم وڵاتاندا بەرنامەی یەک مانگ پێشتر دەتوانی لە ڕۆژنامەکاندا بیخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بزانیت ئەمشەو چاوەڕێ کام کەناڵ بکەیت، بەڵام بینەری کورد چەواشە کراوە هەر لەشاری سلێمانی (14) کەناڵ تەلەفزیۆنی هەیە، جا ئەگەر لەمانگێکدا (36) کەس خود کوژی (انتحار) ی کرد بەلاتانەوە سەیر نەبێ کەئەمە ئاماری مانگێکە لە سلێمانی، ماسمیدیاش (ڕاگەیاندن) دەتوانێت کۆمەڵگایەک پەروەردە بکات و بەهەر ئاقارێک بیەوێت بیانبات لەسایەی ئەو کەناڵانەوە نەوەیەکیان پێگەیاندووە، نەوەیەکی سەرلێشێواو، بێ هەست و سۆزی مرۆڤانە، ڕق ئەستور بەرامبەر بەیەکتر، خۆپەرست و بێگانە پەرست، خۆ ئەگەر لەهەر کام لەو تەلەفزیۆنانە پرسیار بکەیت و بلێت ئەوە ئەم کارەساتەتان خولقاندووە؟ زۆر بەڕاشکاوانە پێت دەڵێت کاکە بارودۆخەکە حەساسە ئێمە هێشتا سەرەتامانە.. !!

هەرچەندە لەو نێوەندەدا خەڵکی دڵسۆزو ڕاستگۆ دەبینرێن بەڵام ئەوان ژمارەیان کەمەو بەرگەی ئەو لێشاوە لەمرۆڤ هەلپەرست ناگرن، من ڕێزم بۆ یان هەیەو خۆشەویستی خۆمیان ئاڕاستە دەکەم بەڵام دەبێ بزانن تەلەفزیۆن وەک (حوت) وایە هەرچی بدەیتێ دەیخوات بۆیە ناچاریی وای لێکردوون هەموو شتێک سەقەت لێدەدەن بۆ ئەوەی بەرنامەکانیان پڕ بکەنەوە.

- بەردەوام لەزمانی هونەرمەندانەوە گوێبیستی ئەوەین مافی هونەرمەندانی گۆرانیبێژ پارێزراوە نییە، بەبۆ چونی ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان دەربچێت و وەک دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەم ئەرکە هەڵبستێ.. ؟

* هەموو جیهان ئەمڕۆ بەدەست کۆپی کردنەوەی (سی دی) وە گرفتارن ئەمە نەک لەوڵاتی ئێمە لەهەموو جیهاندا زۆر زەحمەتە ڕێگا بەو سی دی کۆپی کردن بگیرێت دەتوانرێت یاسایەک دابنرێت بەڵام تاچەند خەڵک گوێڕایەڵی ئەو یاسایەن ئەوەش پرسیارێکە.. ؟

- حاڵەتێکی ناتەندروست لەنێوەندی هونەریدا بوونی هەیە ئەویش گروپ و دەستەگەرابییەکە ئەمەش ڕۆڵێکی خراپی هەبووە لە شێواندنی بارودۆخی هونەری بەرای ئێوە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم نەریتە کۆتایی پێ بێت، لەم ڕاستایەدا چ هەنگاوێک ئەولەوی و گرنگە.. ؟

* لە ڕاستیدا ئەم گروپگەرییە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری گرتۆتەوە لە سەروی هەموویانەوە حیزبەکان ئەم کلتوورەیان بڵاوکردۆتەوە کەئەمە گەورەترین بەر بەست لەڕێی پێشکەوتنمان، بۆ نمونە کەسێک هاتووە لەسایت ڕۆژنامەکاندا چاوپێکەوتنی (30) گۆرانیبێژ کردووە بەڵام مەبەستە سەرەکییەکەی ئەوەیە کەبەهەمووان بڵێت تکایە ناوی ئەم چوار گۆرانی بێژە دێنم ئێوەش بڵێن بەڕاستی موهیمن، بەکورتی بەکوردی ئەمە گەندەڵییە لەمێژووی هونەری گۆرانیدا چونکە ئەمە پرەنسیپی ڕۆژنامەگەری نییە ئەمە پێی دەوترێت گەندەڵیی گروپگەرایی هەروەها بێ ڕێزیە بەهەموو پەیامە پیرۆزەکانی هونەر، بۆ لەناوبردنی ئەم گەندەڵییە و گەندەڵییەکانی تر دەبێت کورد وەکو نەتەوە مەرجەعیەتی هەبێ بەواتای دامەزراندنی دەزگایەکی بێلایەن یاخود دادگایەکی باڵای بێلایەن کەهەر تاکێکی کۆمەڵ لە لایەن دەسەڵاتەوە ستەمێکی لێکرا بتوانێت پەنایەک هەبێت ڕووی تێ بکات بەبێ دەستێوەردانی حیزب کەئەمە لەهەموو جیهاندا هەیە.

- ئەمجارە دێمەوە لای خۆت، بەشێکی هەرە زۆری گۆرانی و بەرهەمەکانت کاری نیشتمانی و سیاسین، تاچەند هونەر وەزیفەیەکی سیاسی هەیە، دەکرێ بوترێ بەتایبەتی هونەری گۆرانی شتێکی دانەبڕاو لەسیاسەت.. ؟

* بەڵی هونەر سیاسەتە بەڵام ڕاستەوخۆیە، کەسێک کەدەچێتە ناو حیزبێکی سیاسی دەیەوێت لەڕێگەی سیاسەتەوە خزمەت بکات بەڵام هونەرمەند ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەردا سیاسەت دەکات، بەرهەمەکانی منیش (نیشتمانی و سیاسی و ئەوێنداریـن) ، چونکە پەیامم هەیە بۆ جەماوەرەکەم و گوێگران و نەتەوەکەم، دەمەوێت ئەو پرسیارانە بورووژێنم کەئاڕاستەن بەو ئاقارەدا کە بەخەڵکی نەتەوەکەم بڵێم ئێوەش بەندەی خوان و دەبێت خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان بن و کەس لە ئێوەزیاتر نییە ئێوە شایەنی هەموو شتێکن، بەڵام بەداخەوە زۆر لەبەرهەمەکانم سانسۆرکراون لە هەندێ لەکەناڵەکانەوە، هونەر ستراتیژییە کەکۆمەڵگای لەسەر بونیاد دەنرێ، سیاسەت تاکێکی ڕۆژانەیە بەڵام هونەر مێژووی دوا ڕۆژی نەتەوەیە، کورد خاوەنی هونەرێکی گەورەیە بەڵام بەداخەوە هونەرمەندی نییە، ئەگەر هەیشبێ لە پەنجەی دەست تێپەڕناکات، ئەوانەی بەمزایدە خۆیان بەهونەرمەند دەناسێنن ئەوانە ئەو پاشماوانەی سەربازگەکانی قادسیە و قوتابیانی دوێنێ قوتابخانەی بەعس و کەمالیزم و یان ئێرانیزمن، ڕەنگە نەتەوەیەک بتوانێت (هەزاران هەزار پێشمەرگەی ئازاو بەجەرگ و سیاسەتمەدارو دکتۆرو بیناسازو... هتد) دروست بکات بەڵام دروستکردنی هونەرمەند و فەیلەسووف و ڕۆشنبیری خاوەن هەڵوێست ڕەنگە ئەستەم بێت بەتایبەتی لەوڵاتێکدا کەناسنامەی نەتەوەیی خۆی و سنوری وڵاتەکەی خۆی دیاری نەکردبێت.

لە ژمارە 8ی گۆڤاری گەنج – کۆتایی مانگی حوزەیرانی 2006 بڵاوکراوەتەوە